# چەند سەرنجێکی زمانەوانی سەبارەت بە "سۆرمانجی"

بێوار ڕەسووڵ
( ٢- ٢ )

بۆ نموونـە تۆفیـق وەهبـی لـە توێژینەوەیەکیـدا لـە سـاڵی ١٩٧٣ کـە لـە گۆڤـاری کـۆڕی زانیاریـی کوردیدا بـڵاو بووەتـەوە، لەپێنـاو پێشخسـتنی زاری سـتانداردی کوردیـی ناوەنـدی، چەنـد ڕێنماییەکـی پێشـنیاز کـردووە:

١- داوا دەکات پیتـە قاڵبـی /دە/ لـە جیاتـی /ئـە/ بـەکار بێنـن، بـۆ دۆخـی ڕانەبـوردووی وەک ئەکـەم، ئـەڕۆم، ئەخـۆم،.. بکـرێ بـە: دەکـەم، دەڕۆم، دەخـۆم، .. بـۆ ئـەم مەبەسـتە پێـی وایـە /دە/ ڕاسـتترە لـە /ئـە/ چونکـە لەپێشـدا لـە ناوچـەی دەوروبـەری سـلێمانی پێـش ئـەوەی ئیبراهیـم پاشـا شـاری سـلێمانی دروسـت بـکات، لـە قسـەکردن پیتـە قاڵبـی /دە/ بـەکار هاتـووە، لـە شـیعری شـاعیرانی کلاسـیکییش وەک نالـی، سـالم، کـوردی،.. هـەر پیتـە قاڵبـی /دە/ بـەکار هاتـووە، نالـی دەڵـێ: «گـەر دەپرسـی مـن لەبـەر چـی کـەم دەخـۆم»؛ بـەڵام دواتـر ئـەم دەنگـە لـە نـاو شـاری سـلێمانی گـۆڕاوە بـۆ /ئـە/، ئەمـڕۆ بـۆ نووسـینی زمانـی کوردیـی ناوەنـدی هەمـووی بکرێتـەوە بـە پیتـە قاڵبـی /دە/، واز لـە پیتـە قاڵبـی /ئـە/ بێنیـن.

٢ - بەکارهێنانـی جێنـاوی کەسـی یەکەمـی تـاک [ئـەز] کـە لـە کوردیـی باکووریشـدا هەیـە، لـە کوردیـی ناوەندیشـدا هەبـووە؛ (نالی)یـش لـە شـیعرەکانیدا بـە کاری هێنـاوە: «خـاو و بێخـاوی دوو زوڵفـی خـاوم ئـەز»، کەواتـە ئـەم [ئـەز]ە

هەبووە، دواتر نەماوە، بۆیە پێی باشە ئەم جێناوە کەسییە بگەڕێتەوە و لە کوردیی ناوەندیدا بەکار بێتەوە.

٣- ئامرازی دەمی داهاتوو کە لە ڕێزمانی کوردیی باکووردا هەیە و لە کوردیی ناوەندیدا نییە کە ئەویش بە [دێ] دەکرێ بە دەمی داهاتوو، بۆ نموونە لە کوردیی باکوور: ئەز دێ بچم، وەک لە سەرەوە باسی لێوە کرا، ئەم ڕستەیە، واتە من لە داهاتوو دەچم، لە کوردیی ناوەندیدا بۆ ڕانەبوردوو و داهاتوو دەگوترێ: من دەچم، لەم ڕستەیەدا دیار نییە کەی دەچێت، ئێستا، یان لە داهاتوو؛ بۆیە تۆفیق وەهبی پێی باش بووە ئەم [دێ] یە بێتە ناو ڕێزمانی کوردیی ناوەندی و بەم شێوەیە بەکار بێت: ئەز دێ هەڵسم، ئەز دێ بگرم، ئێمە دێ بنووین، ئێمە دێ بار کەین، ئەو دێ سەرکەوێ.. تاد.(٧)

زیاتر لە نیو سەدەیە، ئەم سێ ڕێنماییە تا ئێستا وەک پێویست جێبەجێ نەکراو ئەوەی یەکەم پیتە قاڵبی /دە/ هەتا ڕادەیەک جێگیر بووە، بەڵام هێشتا نووسەری سلێمانی هەیە پێی پابەند نابێت، پێی باشە هەر بە شێوەزاری خۆی بنووسێ کە بە «ئە» بێژە دەکرێ. هەرچی جێناوی کەسی یەکەمی [ئەز] و ئامرازی دەمی داهاتووی [دێ] یە، ئەمەیان دوو کەرەستەی ڕێزمانین گۆڕینیان ئاسان نییە، بۆیە هەر لە بنەڕەتەوە کاری پێ نەکرا، چونکە گۆڕینی ڕێزمانی زمان کاری تاکەکەس و دەزگایەک نییە، هەموو کەسێک لە نووسین وەک یەک بە کاری ناهێنێ، تەنانەت تۆفیق وەهبی خۆیشی نەیتوانی پێی پابەند بێت. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش، ئەگەر گۆڕینی دەنگێک لە زمان، ئەوەندە زەحمەت بێت، کەواتە چۆن دەکرێ ڕێزمان و سیستمی دەنگسازی و وشەسازی زارێک بە زارێکی دی تێکەڵ بکرێ و سۆرمانجی لێ دروست بکرێ؟

ئەگەر نموونە لە گۆڕانی دوو دەنگی زمانی کوردی بێنینەوە، کە هەردوو دەنگی /ح و ع/ کە دوو دەنگی زمانی عەرەبین لە زمانە هیندۆ-ئەوروپییەکاندا نین، کوردی تاکە زمانی هیندۆ-ئەوروپییە کە ئەم دوو دەنگەی تێدایە، ئەمەش دیارە بە پێوەندیی لەگەڵ عەرەب بە شێوەی دایاکرۆنیک، بە تێپەڕبوونی سەدان ساڵ لە کوردیدا جێگیر بوون، ئێستا کورد بۆ ئەو وشانەی کە دەنگی /ح و ع/ یان تێدایە بە چاکی بێژەیان دەکات.

ئەم دوو دەنگە تازە ناکرێ لە زمان لاببرێ، بە بیانووی ئەوەی کە ئەمانە عەرەبین، چونکە ئەم دوو فۆنیمە لە کۆمەڵگەی کوردی ڕێککەوتنی لەسەرە و دوو دەنگی گرنگن بۆ کۆمەڵێک ناو و وشەی کوردی، هەرچەندە هەندێک نووسەر هەوڵ دەدەن لە زمانەکە لایبەرن؛ بەبیانووی ئەوەی کە دەنگی عەرەبین، بەڵام زیاتر بە کاریگەریی بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی ئەم کێشەیە پەیدا بوو، کە ئەم دوو فۆنیمە لە زمانی نووسینی کوردیی باکوور بە لاتینی پیتی بۆ دانەنراوە، لەجیاتیی پیتی /ح/ پیتی /هـ H/ بەکار دێنن، بۆ پیتی /ع/ پیتی / ئـ A/ بەکار دێنن، بەڵام لە باکوور خەڵکەکە ئەم دوو دەنگانە ڕۆژانە وەک خۆی بێژەی دەکەن، بۆ نموونە دەڵێن: سەعات، عەسکەر، حەڵاڵ، حەرام، عەلی، حەسەن، کەس وەک نووسینی لاتینی قسە ناکات و ناڵێن: سەئات، ئەسکەر، هەلال، هەرام، ئەلی، هەسەن .. تاد. نەبوونی ئەم دوو فۆنیمە لە نووسینی کوردی بە لاتینی و بۆ ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی،

هەموو شیعرەکانی شاعیرانی خەسار کردووە، مانای شیعرەکانیشی گۆڕیوە، چونکە بەبێ ئەم دوو پیتە کۆمەڵێک وشەی عەرەبی ماناکانیان دەشێوێ. ئەم دوو دەنگە، بووە بە بەشێک لە تایبەتمەندیی زمانەکە و کۆمەڵگە قبووڵی کردووە، لادانی کارێکی نەشیاو و نەگونجاوە، بۆیە هیچ هێزیک نییە بتوانێ ئەم دەنگانە لە زمان لا ببات، لە توانایی هیچ کەسێکیشدا نییە بە ئەلفوبێ و ڕێنووس دەستکاریی زمان بکات و سیستمی دەنگسازی بگۆڕیت، مەگەر زمانەکە خۆی بە شێوەیەکی سروشتی بگۆڕێت و ئەم دەنگانەی تێدا نەمێنێت.

بۆ ئەوەی باسەکە زیاتر شی بکەینەوە، ئاماژە بە گۆڕانی ڕێزمان و دەنگسازی لە زمانی ئینگلیزیدا دەدەین. لە ئینگلیزیی کۆن لە سەدەی پێنجەمی زایینی بۆ ئینگلیزی نوێ لە سەدەی پازدەمی زایینیدا، واتە لەماوەی هەزار ساڵدا، زمانەکە لە ڕووی ڕێزمان و دەنگسازییەوە گۆڕانێکی گەورەی بە سەردا هاتووە. تایپۆلۆجی (ڕیزبەندیی وشە)ی ئینگلیزیی کۆن زیاتر بە [SOV] بووە، واتە لە سەرەتادا بکەر هاتووە، ئەوجا بەرکار، کار، بە هەمان تایپۆلۆجیی زمانە جەرمەنییەکانی ئەمڕۆ وەک ئەڵمانی و هۆڵەندی کە [SOV] ە، چونکە ئینگلیزی یەکێکە لە زمانە جەرمەنییەکان، بەڵام دواتر بەهۆی کەوتنە ژێر کاریگەریی زمانی نەرویجیی کۆن، کە ڤایکینگەکان لە ساڵی ٨٠٠ز هێرش دەکەن و بەریتانیا داگیری دەکەن، هەتا ساڵی ٩٥٠ز دەمێننەوە، دواتریش دەکەوێتە ژێر کاریگەریی فەرەنسی، کە فەرەنسییە نۆرماندییەکان لە ساڵی ١٠٦٦ز هێرش دەکەن و بەریتانیا داگیر دەکەن، هەتا ساڵی ١١٥٤ز دەمێننەوە. مانەوەی ئینگلیزی بۆ ماوەیەکی درێژ لە ژێر کاریگەریی ئەم دوو زمانە، گۆڕانی ڕێزمانی و دەنگسازی بە سەردا هاتووە. تایپۆلۆجیی نەرویجیی کۆن و فەرەنسی کە [SOV] یە، ئینگلیزیی کۆن لەژێر کاریگەریی ئەم دوو زمانە لەسەرخۆ دەگۆڕێت تا لە قۆناغی ئینگلیزیی ناوەڕاست ئەویش دەبێت بە[SOV]، واتە ڕستەسازییەکەی بووە بە بکەر، کار، بەرکار. (٨)

کاریگەریی فەرەنسی بە سەر ئینگلیزیدا بە ڕادەیەک بووە، دوو فۆنێمی نوێش دێنە ناو زمانەکەوە کە لە پێشدا نەبوون، وەک دەنگی /ژ ʒ/ کە لە وشە ئینگلیزییە بە ئەسڵ فەرەنسییەکاندا هەیە وەک garage, treasuer, pleasure، هەروەها دەنگی /ڤ V/ ئەویش لە فەرەنسییەوە هاتووە وەک لەم وشانەدا هەیە: village, victory, arrive, favourite, visible (٩)

لە بنچینەدا ئەم دوو دەنگە لە هیچ یەک لە زمانە جەرمەنییەکاندا نەبووە، دواتر لە ڕێی فەرەنسییەوە بۆ ئینگلیزی هاتووە. ئەمڕۆ هیچ ئینگلیزێک بانگەشەی ئەوە ناکات کە ئەم دوو دەنگە فەرەنسییە، ئینگلیزی نین دەبێ لە زمان لاببرێن. زمانەکە و کۆمەڵگەکە قبووڵی کردووە. هەر بە هەمان میتۆدی گۆڕانی فۆنۆلۆجی، دەنگە نەبزوێنی خشۆکی وەک /X خ/ کە لە ئینگلیزیی کۆندا هەبووە، وەک night بە [nixt] نیخت بێژە کراوە، drought بە [druxt] دروخت بێژە کراوە، دواتر لە سەردەمی ئینگلیزیی ناوەڕاستەوە بۆ ئینگلیزیی نوێ، ئەم دەنگە نامێنێ و دەتوێتەوە. وشەی [ night nixt] نیخت بووە بە نایت،[ lixt] light لیخت بووە بە لایت، واتە دەنگی /خ/ نەماوە، بەڵام ڕێنووسەکەی هەر وەک خۆی ماوە.(١٠)

ئەم گۆڕانە ڕێزمانی و دەنگسازییە لە تاقیگە

دروســت نەبــووە، ئینگلیــزەکان دەســتکارییان نەکــردووە بــۆ ئــەوەی زمانەکەیــان لــە فەڕەنســی نزیــک بکەنــەوە، بەڵکــوو بــە تێپەڕبوونــی کات بــە شــێوەیەکی سروشــتی بەرهــەم هاتــووە، ئەمــڕۆ هیــچ ئینگلیزێــک ئــەم گۆڕانــە زمانییــە ڕەت ناکاتــەوە، هەوڵیــش نــادات بیگێڕێتــەوە بــۆ ئینگلیزیی کۆن. دەنــگ و وشــە کۆنــەکان زینــدوو بکاتــەوە و فەڕەنســییەکان پاکســازی بــکات.

ئەوانــەی ئــەم سۆرمانجییەیان پێشنیاز کردووە، هــەر لــە ســەرەتاوە ئاگاداریــی ئــەم تایبەتمەندییــە زمانییانــە نەبــوون، کــە زمــان بەشــێوەیەکی سروشــتی و ڕەمەکــی گۆڕانــی بەســەردا دێــت، ئەمــە کاری مــرۆڤ نییــە دەســتکاری زمــان بــکات و ڕێزمانێکــی نوێــی بــۆ ســاز بــکات. ئەگــەر ئــەم زمانــە دروســتیش بکــرێ، دەبــێ بــە زمانێکــی دەســتکرد.

زمانــی دەســتکرد هەیــە وەک ئیســپرانتۆ Esperanto، کــە بــە ناوبانگتریــن زمانــی دەستکردە لــە جیهاندا لــە لایەن چاویلەکەسازێکی پۆڵەنـدی لودڤیـک زامێنهۆف Ludwik Zamenhof لـە سـاڵی ١٨٨٧ داهێنـرا. ئامانـج لە دروسـتکردنی ئـەم زمانـە، دروسـتکردنی پردێـک بـوو لەنێـوان نەتـەوەکان بـۆ ئـەوەی ئاخێـوەری زمانـە جیـاوازەکان بتوانـن بـە زمانێکـی بێلایـەن و بـە یەکسـانی لەگـەڵ یـەک پێوەنـدی بکـەن، زمانێـک کـە شـانازی و ناسـنامەی هیـچ نەتەوەیـەک نییـە و هیـی هەمـوو مرۆڤێکـە. نزیـک بـە سـەدە و نیوێکـە ئـەم زمانـە دسـتکردە بـە جیهـان بـڵاو دەکرێتـەوە، کەچـی سـەرکەوتوو نەبـووە، نەیتوانی ئـەو ئامانجـە بـۆ مرۆڤایەتـی بەدەسـت بهێنێـت کـە بکـرێ بـە زمانـی هاوبەشـی هەمـوو مرۆڤـەکان، ئەمـە هەرچەنـد هەوڵێکـی زۆری بـۆ دراوە و پارەیەکـی زۆریشـی بـۆ خـەرج کـراوە، چونکـە لـە تاقیگـە دروسـت کـراوە و کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتـی بـە شـێوەیەکی سروشـتی بەرهەمـی نەهێنـاوە، لەنـاو کولتـووری هیـچ کۆمەڵگەیەکیـش گەشـەی نەکـردووە، بۆیـە کولتـوور و نیشـتمانی نییـە. هەمـوو زمانێـک هەڵگری کولتوورێکـە، زمانـی بـێ کولتـوور، زمانێکـی ناتـەواوە.(١١)

زمانەوانیـی ئینگلیـز دەیڤیـد مەکەنـزی وەک کەسـێکی شـارەزا بـە زارە کوردییـەکان، لـە پەنجـاکان هاتـووە بـۆ باشـووری کوردسـتان و بـە شـێوەیەکی مەیدانـی کاری کـردووە، داتـای زارەکانـی کـوردی کـۆ کردووەتـەوە و شـرۆڤەی کـردووە. لـە نامیلکەیەکـدا کـە خـۆی لـە سـاڵی ١٩٥٨ بـە کـوردی بـە نـاوی «نووسـینێکی تـازە بۆ زمانی کوردی» نووسـیویەتی، لـەم نامیلکەیەدا پێشـنیازی بەکارهێنانـی ئەلفوبێـی لاتینـی بـۆ زمانـی کـوردی دەکات و پێـی وایـە کـوردی ئەگـەر بـە هەمـوو زارەکانییـەوە ئەلفوبێیەکـی هاوبەشیشـی هەبێـت، هـەر یەکگرتـوو نابێـت، پێـی وایـە یەکێتیـی زمانـی کـوردی هەتـا ڕۆژی قیامـەت نایەتـە دی، چونکـە ئـەم زمانـە هاوبەشـە کـە دروسـتی دەکـەن، زمانێکـی زینـدوو نابێـت و زمانێکـی تێکـەڵاوی دەسـتکردە. (١٢)

## زمانی هاوبەش و فرەلەهجەییی زمانی کوردی

زمانێکـی یەکگرتـووی کـوردی بێگومـان خەونـی هەمـوو کوردێکـە، بـەڵام خـەون و هیـوا لەگـەڵ چۆنیەتـی کارکردنـی زمـان دوو بابەتـی تـەواو جیـاوازن، یەکێکیـان ئـاوات و مەیلـی مرۆڤەکانـە، بـەڵام ئـەوەی دی سیسـتمی زمانـە کـە بـە شـێوەیەکی ڕەمەکـی کار دەکات و لـە ژێـر کۆنترۆڵـی مرۆڤەکانـدا نییـە. هـەر هەوڵێـک بـۆ گۆڕینـی سیسـتمی زمـان، هەوڵێکـی زمانەوانـی نییـە و ناسروشـتییە، سیسـتمی زمـان قبووڵـی

نـاكات، بۆیـە وەک لـە سـەرەوە ئامـاژەی پـێ درا هەرچـی هـەوڵ درا کوردیـی ناوەنـدی و باکوور بـە ڕێزمـان تێکـەڵ بکرێـن، هیـچ سوودی نەبوو، پرۆژەیەکـی سـەرنەکەوتوو بـوو، هەرگیـز سـەرکەوتووش نابێـت.

لێکدانی دوو زار بـە ڕێزمان و دەنگسـازی، زمانی سـێیەم دروسـت دەبێـت کـە ئەویـش زمانێکـی دەسـتکردە و هیـچ مێـژوو و کولتوورێکـی نییـە، ئـەو زمانـەش لـە نـاو خەڵـک ئاخێـوەری نییـە، زمانێکی نامۆ و ناسروشتییە، مەحاڵـە کاری پـێ بکـرێ و جێگیـر بێـت. ئەگـەر سـۆرمانجی کاری پـێ بکرایـە، ئێسـتا لەمێـژ بـوو خـاوەن زمانێکـی یەکگرتـووی کـوردی بوویـن. لـە مێـژووی هیـچ زمانێکدا نەبـووە، ڕێزمانـی دوو زار، یـان دوو زمان لێـک بـدرێ و زمانێکـی نوێـی لـێ دروسـت بکـرێ بـۆ نەتـەوە، زمانـی هەمـوو نەتەوەکانـی دنیـا لـە زارێـک پەیـدا بـووە. ئینگلیـزی لـە لەهجـەی لەنـدەن پەیـدا بـووە، فەڕەنسـی لـە لەهجـەی پاریـس، ئیتاڵـی لـە لەهجـەی تۆسـکانی.

بـۆ چارەسـەری ئـەم کێشـە زمانییـە، دوو ڕێگەچارە هەیە:

**یەکەمیـان:** یـەک زاری سـتاندارد بسـەپێنرێ و هەمـوو زارەکانـی دی فەرامـۆش بکرێـن و بـەرە بـەرە بتوێنرێنـەوە؛ وەک ئـەوەی زمانـی ئینگلیـزی لـە قۆناغـی ئینگلیزیـی ناوەڕاسـت، دیالێکتـی لەنـدەن کـراوە بـە زمانـی سـتاندارد و دیالێکتەکانـی دی فەرامـۆش کـراون، زمانـی فەڕەنسـی دیالێکتـی پاریسـی کـرد بـە زمانـی سـتاندارد و دیالێکـت و زمانەکانـی دی هەمـوو فەرامـۆش کـران، ئەزموونـی زۆربـەی زمانـەکان لـە جیهانـدا بـەم شـێوەیە. ئـەم ڕێگەچارەیـە ئێسـتا بـۆ زمانـی کـوردی گونجـاو نییـە، چونکـە زاری هەمەچەشـن و جیـاوازی هەیـە، بەتایبەتـی لـەم سـەردەمەدا کـە زمـان و زارەکان بەخێرایـی لەنـاو دەچـن، هـەر زارێکـی کـوردی گەنجینـەی زمـان و ئەدەبیاتـی هەیـە، مێـژووی ئەدەبیاتـی کـوردی بـە فرەلەهجـە گەشـەی کـردووە، مێـژووی ئەدەبیاتمـان بـە سـێ زاری کـوردی هەیـە: زاری گـۆران، کوردیـی باکـوور (کورمانجـی)، کوردیـی ناوەنـدی، بۆیـە لەناوچوونـی هـەر زارێکـی کـوردی، لەدەسـتدانێکە بـۆ گەنجینـەی زمـان و کولتـوور و ئەدەبـی کـوردی.

**دووەمیـان:** زارە سـەرەکییەکانی زمانـی کـوردی بـۆ نووسـین و خوێنـدن بـەکار بێـن و لـێ بگەڕێیـن بـە شـێوەیەکی سروشـتی لـە یـەک نزیـک ببنـەوە، وشـە بـدەن بـە یـەک، یـان زاراوەی هاوبـەش بـۆ هـەردوو زاری سـەرەکیی کـوردی دروسـت بکرێـن بـۆ ئـەوەی بـە فەرهەنگۆکـی وشـە لـە یـەک نزیـک ببنـەوە. بـە پلانـی زمـان تەنیـا دەکـرێ بـە وشـە هـەر دوو زار تێکـەڵ بکرێـن، نـەک بـە ڕێزمـان و دەنگسـازی، تێکەڵکردنـی وشـەی هـەردوو زار، ئەویـش کاتێکـی زۆری دەوێ هەتـا لـە نووسـین و قسـەکردن دەچەسـپێت و کۆمەڵگـە قبووڵـی دەکات، بـەڵام ئەمـە قابیلـی جێبەجێکردنـە.

زمانـی کـوردی لـە مێـژوودا لـە بـۆ ئەدەبیـات فرەلەهجـە بـووە، ئێسـتاش لـەم قۆناغـەدا دەکـرێ هـەر بـە فرەلەهجەیـی بـەردەوام بێـت، بـەڵام نـەک بـەم سیسـتمەی ئێسـتا لـە هەرێمـی کوردسـتان کاری پـێ دەکـرێ، بادینـی لـە پارێـزگای دهـۆک زارێکـی سـەربەخۆ و لـە پارێزگاکانـی دیش کوردیـی ناوەنـدی زارێکـی سـەربەخۆیە، هـاوکات حکوومەتـی هەرێمیـش هیـچ زمانێکـی هاوبەشـی بـۆ ئیـدارە و پـەروەردە و خوێندنـی ئەکادیمـی نییـە، هەردوو زاری کوردییـش بـە جـودا پێـش دەکـەون و لەیەکیش دوور دەکەونـەوە. بـۆ چارەسـەری ئەم کێشـەیە، پێویسـتە لـە هەرێـم یـەک زمانـی ڕەسـمی و هاوبەشـی کـوردی

هەبێ کە ئەویش کوردیی ناوەندی دەتوانێ ئەم ڕۆڵە بگێڕێ، چونکە لەهجەیەکی سەرەکییە بۆ باشووری کوردستان، لەپاڵ ئەم زمانە هاوبەشە، بە زارە سەرەکییەکانیش بخوێنرێ، بەتایبەت لە پارێزگای دهۆک بە بادینی بخوێنرێ و لەگەڵیشی بە کوردیی ناوەندی، لە هەورامانیش بە هەمان شێوە، بە کوردیی ناوەندی بخوێنن و چەند دەرسێکیش بە هەورامی، لە هەمان کاتدا لە پارێزگاکانی دیکەش چەند دەرسێک بە بادینی بخوێنرێ بۆ ئەوەی کورد لە باشوور بە گەورەترین زاری کوردی ئاشنا بن و بتوانن ئەدەبیاتی کوردیی باکوور بخوێننەوە. بەم ڕێگەیە لە هەرێمی کوردستان، هاوسەنگییەک بۆ زارە کوردییەکان لە کارپێکردن و پێ خوێندنیان دێتە دی و زمانێکی هاوبەشی کوردییشمان دەبێ و زارەکانیش لە فەوتان پارێزراو دەبن، زمانەکەش بە فرەلەهجەیی بەردەوام دەبێت، ئەمە چارەسەرێکی پراگماتیکە بۆ ئەم کێشە زمانییە، کە کورد بەم سیاسەت و پلانە زمانییە باشتر بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە.(١٣) پرۆژەی سۆرمانجی نەک هەر لە ڕووی زمانەوانییەوە سەرکەوتوو نییە، بەڵکوو بۆ هەمەڕەنگیی زارەکانی کوردی نەشیاوە، لەم پرۆژەیەدا تەنیا دوو زاری کوردی لە یەک نزیک دەکرێنەوە، ئەوانی دی فەرامۆش دەکرێن، کە ئەمەش وا دەکات زارەکانی دی لە کوردی جودا ببنەوە و سەربەخۆ بن.

زمانەوانی ئەمەریکی مایکل شایەت کە کوردییەکی باش دەزانێ، بە تایبەت کوردیی باکوور، لە توێژینەوەیەکی لەبارەی فرەلەهجەییی زمانی کوردی، پێی وایە هەڵبژاردنی یەک زاری کوردی بۆ زمانێکی ستاندارد و فەرامۆشکردنی ئەوانی دی کێشەی زمانی کوردی زیاتر دەکات، ڕێگەچارە ئەوەیە کە ڕێگە بدرێ هەردوو زاری سەرەکی (کوردیی باکوور و ناوەندی) بە یەکسانی بەکار بێن.(١٤) ئەم بۆچوونەی هەتا ڕادەیەک ڕاستی تێدایە کە نابێ هیچ زارێکی کوردی فەرامۆش بکرێ، بەڵام یەکسانی لە بەکارهێنانی زارەکان کارێکی عەمەلی نییە، ناکرێ لە هەرێمێک حکوومەتێک هەیە زمانێکی ڕەسمی بۆ کاروباری حکوومەتەکەی نەبێت، دوو هەرێمی زمانی دروست بێت و کۆمەڵگەکەی لە ڕووی پەروەردەیی و کولتووری و ڕۆشنبیرییەوە لە یەک دابڕاو بن، ئەم جۆرە یەکسانییە ئەگەر لە ڕووی تیۆرییەوە نموونەیی بێت، بەڵام بە عەمەلی بۆ نەتەوەیەک کە لە قۆناغی نەتەوەسازیدایە، هەڵوەشاندنەوەی نەتەوەیە. زمان دەبێ نەتەوە کۆ بکاتەوە، نەک لە یەکی دابڕێ.

## ئەنجام

پرسی زمانێکی یەکگرتووی کوردی، پرسێکی زمانەوانیی یەکجار ئاڵۆز و دژوارە، لە دوای سەرهەڵدانی نەتەوایەتی لە باشووری کوردستاندا و دەرکەوتنی سیستمی خوێندنی نوێ لە قوتابخانەکان بە زمانی کوردی، کێشەی زمانێکی یەکگرتوو بۆ سیستمی پەروەردە هاتە پێش. کورد لە باشووری کوردستان دوو لەهجەی سەرەکی هەیە: کوردیی ناوەندی (سۆرانی) و کوردیی باکوور (کورمانجی/بادینی)، بۆ ئەوەی لەم دوو لەهجەیە زمانێکی یەکگرتوو دروست بکەن، هەندێک لە زمانەوانە کوردەکان هەوڵیان داوە ئەم دوو لەهجەیە بە ڕێزمان و فەرهەنگۆکی وشە تێکەڵ بکەن، کە ناوی لێ نراوە سۆرمانجی؛ تێکەڵکردنی هەردوو زار بە وشەی یەکدی هەتا ڕادەیەک سەرکەوتوو بووە، بەڵام تێکەڵکردنیان بە ڕێزمان، سەرکەوتوو نەبووە، چونکە زۆربەی زمانەوانەکان لەو ڕاستییە زمانەوانییە بەئاگا نەبوون کە زمان لە تاقیگەدا دروست ناکرێ؛ تەنانەت ئەو کتێبانەش وەک ڕێنمایی بۆ ئەم سۆرمانجییە نووسراون، ڕێنماییەکان

نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەر لە دووتوێی کتێبدا ماونەتەوە. هەموو زمانێک، کۆمەڵگەی ئاخێوەرانی بە پرۆسەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی درێژخایەن بەرهەمی دێنن، بە شێوەیەکی سروشتی و دوور لە دەستکاریی مرۆڤ، هەر لە لایەن ئەو کۆمەڵگەیەشەوە بە شێوەیەکی سروشتی گۆڕانی بە سەردا دێت، بۆیە لە وێزە و توانایی هیچ کەسێکدا نییە زمان دەستکاری بکات و زمانێکی نوێی لێ بەرهەم بێنێ، چونکە ئەمە کاری تاکەکەس نییە. ئەگەر ئەم زمانە دروستیش بکرێ، زمانێکی دەستکردە، وەک زمانێکی سروشتی کاری پێ ناکرێ، زمانێکە ئاخێوەری نییە و بێ کولتوور و مێژووە.

دەستکاری مرۆڤ بۆ زمان یەکجار سنووردارە، ئەزموونی هەموو زمانەکان، ئەوە نیشان دەدەن کە هیچ زمانێک بە تێکەڵکردنی ڕێزمانی دوو زار دروست نەبووە، هەموو زمانێک لە زارێک گەشەی کردووە، دواتر ئەم زارە کاری لەسەر کراوە و بووە بە زمانێک بۆ خوێندن و زمانی ڕەسمیی نەتەوەیەک. لە حاڵەتی زمانی کوردیدا کە زمانێکی فرەلەهجەیە، سێ لەهجەی کوردییش مێژووی ئەدەبیاتیان هەیە، ناکرێ کوردی وەک زمانانی دی تەنیا یەک زاری بکرێ بە ستاندارد و ئەوانی دی فەرامۆش بکرێن، چونکە هەمەچەشنیی زارەکانی و کۆمەڵگەی ئاخێوەرانی ئەم تاکستاندارددییە قبووڵ ناکەن، بۆیە لەم ڕەوشە فرەلەهجەییەی زمانی کوردیدا، ڕێگەچارەی گونجاو ئەوەیە، لە هەر بەشێکی کوردستان، زارێکی ستاندارد ڕۆڵی زمانێکی هاوبەش بگێڕێ، لەهجەکانی دیکەش لە ناوچەکانی خۆیان چەند دەرسێکیان پێ بخوێنرێ و شان بەشانی زمانی هاوبەشی کوردی گەشە بکەن. کوردی هەر لە سەرەتاوە مۆزائیکێکی زاری هەمەچەشن بووە، دەبێ لێ بگەڕێین هەر بەم شێوەیەش ئەمڕۆ بەردەوام بێت. لەدەستدانی هەر زارێکی کوردی، لە دەستدانێکی گەنجینەیەکی زمان و ئەدەب و مێژووی کوردە، کەواتە پرۆژەی سۆرمانجی وەک زمانێکی هاوبەشی کوردی، پرۆژەیەکی نازمانەوانی و نازانستییە، بۆ فرەلەهجەییی زمانی کوردی ناگونجێ، دەبێ وازی لێ بهێنرێ.

**پەراوێز و سەرچاوە:**


٧- تۆفیق وەهبی، "ئەسڵی پیتە قاڵبی «ئە»ی شێوەی سلێمانی"، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٣، ل٣١.

8 - Richard M. Hogg, David Denison, A History of the English Language, Cambridge University Press, 2006, p. 187.

9 - Elly van Gelderen, A History of the English Language, John Benjamins Publishing Company, Amsterdam & Philadelphia, 2014, p. 55.

10 - Victoria Fromkin, Robert Rodman & Nina Hymans, An Introduction to Language, eleventh edition, Cengage Learning. Inc. USA, 2017, P. 330.

11 - Gledhill, Christopher, The Grammar of Esperanto. A Corpus-based description. (Languages of the World / Materials 190). München : Lincom Europa, 2000c. P.4.

١٢- د. ن. مەکێنزی، نووسینێکی تازە بۆ زمانی کوردی، بەبێ شوێنی چاپ، ١٩٥٨، ل١- ٣.

١٣- سوداد ڕەسووڵ، سیاسەت و پلانی زمان بۆ هەرێمی کوردستان، چەند بابەتێکی کوردناسی»، ژمارە ٢ی بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠٢٣.

14 - Michael Chyet, The Future of the Kurdish Language: an Egalitarian Scenario. Bozarslan, H., & Scalbert-Yücel, C. (eds.). Joyce Blau, l'éternelle chez les Kurdes. Institut français d'études anatoliennes, İstanbul, 2018.